**وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٤٨٩٧ لە ٢٠١٥/٨/١١**

**بەپشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١١) لە یاسای سەندووقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ ئەم رێنماییەمان دەرکرد:-**

## رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥

## رێنمایی تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان

**ماددەی (١) :**

ئەو زاراوانە ئەم مانایانە دەگەیەنن :

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان _ عێراق .

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

٣- **وەزیر:** وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

٤- **سەندوق:** سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان لە هەرێم .

٥- **ئەنجوومەن:** ئەنجوومەنی بەرێوەبردنی سەندوقی پرۆژە بچوکەکانی لاوان بە پێی ئەحکامی ماددەی چوارەم لە یاسای سەندوق پێکهاتووە .

٦- **لیژنەی سوودی ئابوری(الجدوى الاقتصادي) :** ئەو لیژنەی کە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن و خەملاندنی پرۆژەکان لە رووی ئابووری یەوە .

٧- **پرۆژە:** ئەو پرۆژانەن کە سەرمایەکانیان لە ٤٠ ملیۆن دینار تێپەر نەکات لە بوارەکانی (خزمەتگوزاری ، پیشەسازی ، کشتوکاڵی ، گەشت و گوزار ) .

**ماددەی (٢) :**

**یەکەم :** سوودمەندانی پرۆژە :-

١- دەرچووانی ناوەندەکانی راهێنان و شیاندنی پیشەیی و ئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگاکانی تەکنیکی و زانکۆکان .

٢- خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بەمەرجێك بتوانێت پرۆژە ئەنجام بدات .

٣- سوودمەندانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی .

٤- ئەو لاوانەی کە بروانامەیان نیەو بەڵام توانای بەرێوەبردنی پرۆژەیان هەیە .

٥- ئەوانەی پرۆژەیان هەیە و دەیانەوێت گەشەی پێ بدەن بە مەرجێك هەلی کاری نوێ دابین بکەن.

**دووەم :** مەرجەکان :-

١- هاوولاتی نیشتەجێی هەرێم بێت .

٢- تەمەنی لە نێوان (١٦- ٣٥) ساڵ بێت .

٣- نابێت کارمەند بێت لە دەزگا حکومیەکان و کەرتی تایبەت .

٤- بێ کار : خاوەن توانای دارایی لاوازیان سنووردار بێت .

**سێیەم : بواری پرۆژەکان :-**

**ئەو پرۆژانەی کەوا دەبنە مایەی گەشەی ئابووری هەرێم و کەم کردنەوەی بێکاری، لە مانە :-**

**پیشەسازی ، بازرگانی ، کشتوکاڵی ، خزمەتگوزاری و گەشت و گوزار،... هتد .**

**ماددەی (٣) : چۆنیەتی قەرزدان و بڕی قەرزەکە :-**

**١- بەرزترین ئاستی قەرز (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دینارە .**

**٢- خەملاندنی بڕی پارەی پێویست بۆ پڕۆژەکە کە لە لایەن لیژنەی سوودی ئابووری (الجدوى الاقتصادی) دەبێت.**

**٣- دانی قەرز بە دوو قۆناغ دەبێت :-**

**أ- قۆناغی یەکەم : بە رێژەی (٥٠٪) ی قەرزەکە دەدرێت لە دوای گرێبەستەکە و دەبێت لە ماوەی (٩٠) رۆژ دەست بە کار بێت ،بە پێچەوانەوە قەرزەکەی لێ وەردەگیرێتەوە بەبێ هۆشداری .**

**ب- قۆناغی دووەم : رێژەی(٥٠٪) ی قەرزەکەی پێی دەدرێت لە دوای جێبەجێ کردنی قۆناغی یەکەم.**

**ماددەی (٤) : میکانیزمی وەرگرتنی قەرز :-**

**یەکەم : داواکاری :**

**١- پڕکردنەوەی وەرگرتنی فۆرمی ژمارە (١) بۆ داواکردنی قەرز .**

**٢- پێشکەش کردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان لە لایەن قەرز وەرگر و کەفیلەکەی بە پێی ئەوەی لە فۆرمەکەدا هاتووە .**

**دووەم : هەبوونی دەستەبەرێك لە لایەن ئەو کەسەی کە قەرزەکە وەردەگرێت بە یەکێك لەمانە:**

**١- کۆمپیاڵە جێبەجێ کردن (تنفیذي) لەسەر زەوی نیشتەجێ یان خانووبەرە یان هەر مولکێك کە قەواڵەی (سند) هەبێت بە مەرجێك بەهای کۆمپیالەکراوەکە لە قەرزەکە زیاتر بێت .**

**٢- فەرمانبەرێکی میری یان زیاتر بە مەرجێك مووچەکەیان بەهای پشکەکان(قسط) بکات .**

**سێیەم : پاش هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە و خەملاندنی لە لایەن لیژنەی سوودی ئابووری و پەسند کردنی لە لایەن سەرۆکی ئەنجوومەن ، گرێ بەست لەگەڵ قەرز وەرگر واژوو دەکرێت.**

**چوارەم : پێدانی (٥٠٪) گۆڕمەی قەرزی خەملێندراو بە قەرز وەرگر بۆ دەستپێکردن بە پرۆژەکە و دوای ئەنجام دانی (٥٠٪) رێژەی کارەکەی کە لە ماوەی (٩٠) رۆژ تێپەر نەکات ، ئەوا قۆناغی دووەمی قەرزی پێ دەدرێت .**

**ماددەی (٥): چۆنیەتی گەڕاندنەوەی قەرز :-**

**یەکەم : ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزەکە شەش ساڵە .**

**١- قیستەکان شەش مانگ جارێك لێی وەردەگیرێتەوە بە یەکسانی جگە لە قیستی یەکەم دوای تێپەربونی ساڵێك لە وەرگرتنی قۆناغی یەکەم .**

٢- قەرز وەرگر لەسەریەتی پشکەکان لە ماوەی (٦٠) شەست رۆژ لە بەرواری دەسپێکردنی مافداریەکە (الاستحقاق) بگەرێنێتەوە وە لە کاتی دواکەوتن لە گەراندنەوەی لە مەودای بریاردراو سوودمەند پابەند دەبێت بە دانی پێبژاردنی دواکەوتن کە بری (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار لە جیاتی هەر رۆژێك دواکەوتن مانگی یەکەم و بری (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار لە جیاتی هەر رۆژێك دواکەوتنی لە مانگی دووەم و لە کاتی پابەند نەبونی لە دانەوەی پشکەکان لە ماوەی دیاری کراوی سەرەوە پێویستە بەیەك جار بری پارەی وەرگیراو بداتەوە بە بێ هۆشداری پێشوەختی و بەپێی یاسا .

٣- ئەنجوومەن بۆی هەیە بریار بدات بە لێبوردنی لە پێبژاردنی هاتوو لە برگەی (دووەم) ی ئەو ماددەیە ، هەمووی یان بەشێکی ئەگەر هۆیەکانی دواکەوتنی قەرز وەرگر لە دانی پشکەکانی مافداری (المستحق) لە مەوداکانی بریاردراو لەو رێنمایە دەگەرێتەوە بۆ بارودۆخی نەخوازیار کە نەتوانرێت پشکەکە بگەرێنێتەوە لە کاتی دیاری کراودا بەمەرجی بوونی نیاز پاکی .

دووەم : لە کاتی مردنی ئەو کەسەی قەرزەکەی وەرگرتووە ئەگەر هاتوو میراتگرە یاساییەکانی.

ماددەی (٧) : توانی بەرێوەبردنی پرۆژەکە یان هەبێت ، ئەوا یەکێکیان دێتە شوێنی سوودمەندەکە.

ماددەی (٦) :

پرۆژەکان پەسند دەکرێت لە لایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی سەندوق

پشت بەستن بە پەیرەوی بەرێوەبردنی سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان ژمارە (٢)سالی(٢٠١١) بەرێوەبەرایەتی سەندوق لە وەزارەت و نووسینگەکانی لە پارێزگاکان هەلدەستن بە جێ بەجێ کردنی ئەم رێنماییە.

ماددەی (٥) :

رێنمایی ژمارە (٢) سالی (٢٠١١) هەلدەوەشێتەوە لەگەل هەموارکراوەکان و ئەو رێنماییانەی بە فەرمانی وەزاری دەرچوون .

ماددەی (٩) :

ئەم رێنماییە جێ بەجێ دەکرێت لە رێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی**